# ڕێنووسی دەستەی کوردستانیی بۆ دیراساتی ستراتیجیی

## توێژەر و هەڵسەنگێنەر دەتوانن سوود لەم کورتە ڕێنماییانە وەربگرن بۆ، ڕێنووسی کوردیی:

یەکەم:

زمانی کوردیی وەک چۆن دەوترێت ئاوەهایش دەنووسرێت، مەگەر لەو وشانەدا کە گۆڕانکاریی دەنگییان تێدایە، دواتر باسیان دەکەین.

پیتی (و):

نیشانەی (و) لە زمانی کوردیی دا بەم شێوانەی خوارەوە دەنووسرێت:

یەکەم- پیتی (و)ی کورت، واتە (و)ی بزوێنی کورت : هەر وشەیەک بە پیتی (و) دەستپێبکات بە یەک (و) دەنووسرێت.

بۆ نموونە :ورد، وتی، وس، وریا، ورە، وزە، واژە، وژە، ورتە، ون، وەچە، ورچ، وشە، وەرد، وێنە، وتە، وڕێنە، ورشە، وێنا، وتار، وێزە، وڵاخلۆو، وڵاخ، وێنجە، وجوو، وازیی، وارماوە، کون، کورکە، هتد..

هەندیکجار لە ناوەڕاستدا بە "و" دێت:

کونە، کولانە، بوخچە، بوێر، بلوێر، دوێنێ، گول، گوڵ، کول، کوڵ، کوڕ، کورد، کورت، کوشت،گوند، گورگ، کوردستان، نەوت، هوشیار، نوێژ، ڕەوت، سرەوت، پێشکەوت، گورج، گوم، روبار، هەور، هونەر، خونچە، قوڕگ، قول، قولاپ، قوڕ، تەور، مەوج (جۆرێکە لە پۆشەر)، هەوێن، نەویی، مراویی، کەوڵ، کوز، خاوس، ئاوس، شەونم، گوش، هوشیار، گوریس، زویر، نەوزاد، نوێن، نەوشیروان، نەوبەهار، هتد..

دووەم: پیتی (وو)ی درێژ، واتە (وو)ی بزوێنی درێژ:

بۆ نموونە: سوور، چوو، چوون، خوو، بوون، نەبوونیی، توون، توو، دوو، شوو، مێژوو، مردوو، مووچە، باکوور، باشوور، سەروو، وەکوو، خواروو،قووڵ،لوول، کووپە، ڕەژوو، بێزوو، تەزوو، دەزوو، دەروو، درووست، نووستوو، بەستوو، بێزوو، سوود، زوو، بازوو، رووت، بزووت، سوو، برزوو، مێروو، سرووشت، بزووت، بزووتنەوە، جووڵانەوە، پرووشە، کوولەکە، توولە، تووتکە، هەژوو، ئاڵوو، پەموو، پووز، ئابووریی، تەندرووستیی، شارەزوور، تینوو، کەرکووک، رووسیا، رووس، سووریا، ئەورووپا، گوو، قەرەبوو، مێرووله، جوو، بوو، بنوو، لووت، موو، روو، ماندوو، پاروو، سروود، پەردوو، کەوتوو، نۆردوو، کەنوو، کەڕوو، نووسین، جووین، فوو، دوور، دووز، بەڕوو، پووش، لووش، رووش، لوورە، تووڕە، کووڕ، توور، کووزەڵە، کەرەووز، پووچ، قووچ، قاژوو، شووڵک، قووچەک، شووتیی، رووداو، بووران، ببوورە، سوورێژە، سووتماک، سووتا، سوور، سووراو، لوو، بانوو، ڕەنوو، تەنوور، هتد..

-هەر "و" ێک دوا پیتی وشەیەک بێت و بە دوای "ا" ،"ی"، "ێ" هاتبێت، بە یەک"و" دەنووسرێت و، ئەوانی تر هەموویان "وو" دەبن. وەک لەو نموونە زۆرانەی پێشوودا (لە زایەڵەی ٢) هاتوون.

بڕوا، دوا، لوا، داو، باو، راو، جاو، خاو، گەناو، نیيو، پیيو، وەرییو، بارییو،تڕییو، شییو، گەنییو، سێو، دێو، بزێو، جنێو، لێو، هتد..

-پیتی (ۆ)ی کراوە:

بۆ نموونە: دۆڵ، گۆڕ، نۆ. درۆ، برۆ، مجرۆ، دۆڕاو، کۆ، لاوکۆ، زۆزک، ئاسۆس، پۆزش، دڕدۆنگ، بالۆرە، بەستۆرە، قۆریی، قۆڕیی، تۆبەکار، مامۆستا، مۆخ، ریپۆق، بۆق، تلۆق، شلۆق، دۆخ، گرۆ، مەردۆخ، شارۆچکە، بۆز، دۆز، کۆزی کارەگەل، شەپۆڕ، بۆیاخ، بۆشناخ، هتد..

- پیتی (و) وەک ئامرازی پێوەندیی دەبێت بە سەربەخۆیانە و بەبێ لکاندن لە نێوان دوو وشەکەدا بێت، نابێت بە دوا یان بە پێش هییچ وشەیەکەوە بلکێنرێت:

کوڕ و کچ، ژن و ماڵ، دڵ و گوڵ، شار و دێهات. قاچ و قول، کەوش و کڵاش، ڕەش و سپیی، من و تۆ، ئارەزوو و وریا، پییس و پۆخڵ، پییسکە و ڕەزییل، زرت و زییت، وت و وریا، سەیر و سەمەرە، کەڕ و کوێر،خاک و خۆڵ، هەڵبەز و دابەز. شۆخ و شەنگ، خوار و ژوور، خێر و شەڕ، خاو و خلیچک، چرچ و لۆچ

نە لە شار و نە لە دێ : نەمدی کەس وەک تۆ جوان بێ
تۆیت و بەس!

داخڵ نەبی بە عەنبەری سارایی خاک و خۆڵ
هەتا نەکەی بە خاکی سولەیمانییا عوبوور

شەوی هیجرەت کە ئەعدا زۆری هێنا، مشتە خاکێ بوو
پیا چەندن، دەبەنگ و کوێر و کەڕ مان ئەو لەعینانە

کاکە گیان لاوی کوردی شۆخ و شەنگ
تا کەنگێ دەبی وا بێ هەست و دەنگ دیلی،
ژێر دەستی، ئەسیری، تا کەی؟

عەکسی چاوی تۆ لە چاویدا بە خواری تێدەگەی
کەچ نەزەر کەی فەرقی خوار و ژوور و، خێر و شەڕ دەکا؟!

بەڵام هەندێک وشە هەن کە بوون بە زاراوە، یان بەیەکەوە دەلالەتێکیان هەیە دەکرێت بەیەکەوە بە جووتی بەکاربهێنرێن کە بوون بە زاراوەی مانادار، وەک :
مشتومڕ، گورجوگۆڵ، توندوتۆڵ، سەروبەر، کاروبار، تارومار، کردوکۆش، دەنگوباس، ئەلفوبێ، هاتوچۆ، دەموچاو، چڕوچاو، سەروپێ(سەروپێخانە)، مەڕومالات، پۆشتەوپەرداخ، قاچوقووچ،

چون چڕوچاوی نیشتمان
هەوا گرژە و... گەڕەک مۆنە و
چەند "هەزار"ێکی چرچ و لۆچ
لە گیرفانی پانتۆڵێکی غەمگینمایە و
ئەڵێی پشیلەی بەرگەرمای بێتاقەتم
خاو و خلیچک
لە ماڵەوە ئەچمە دەرێ.

-یەکێک لەو هەڵە گەورانەی کە لەلای هەندێک کەس و دەستگای چاپەمەنییەکانەوە دەکرێن، لاساییکردنەوەی نووسیینی زمانی عەرەبییە بە لکانی "و" بە وشەی پێش خۆی یان دوای خۆیەوە، بە پاساوی بەردەوامیی هەبوون لە ڕستەکەدا، وەک ئەم نموونانە کە لە مەتنی نووسینی توێژەرەکانەوە دەرمهێناون:
من وئازاد چووین بۆ بازاڕ(وئازاد؟)
خواستو پیداوێستییەکان، یان خواست وپێداویستییەکان (خواستو؟ وپێداویستییەکان؟)
ڕۆژگارو سەردەمێکی جیاواز دەگوزەرێت(ڕۆژگارو؟)

له پارو بەشەکانی تری کتێبەکەدا (پارو؟)
ئەم چەواشەکارییە سنوورو کاتی بۆ نییە(سنوورو؟)
پەیوەست بە ئازادو نائازادەوە (ئازادو؟)
کۆمەڵێک یاسای دیاریکراوی هەیەو بنەمای دیاریکراوی هەیە (هەیەو؟)
بە هاتنە ئارای سۆشیاڵ میدیاو دۆخی کاری میدیایی (میدیاو؟)
رێکارەکانی خستنەکارو پەرەپێدانی (خستنەکارو؟)
بە هەزاران رستەی بێمانا و نابەجێی تر، کە توێژینەوەی پێ نووسراونەتەوە و مایەی تێگەیشتن نیین!

ئەگەر بڕوانییت، ئەو وشانەی کە "و" چووەتە سەریان لە بەردەمەوە یان لە دوایانەوە، پێکهاتەی وشەکە گۆڕاوە و بووە بە وشەیەکی تر کە هیچ مانایەکی نییە، رەنگە هەندێکجار وشەیەکی تری مانا جیاوازیش درووستبکات:
رۆژگارو چییە؟سنوورو چییە؟ یان پارو چییە؟ هەندێک کەس رەنگە بە تییکەی نان و بابۆڵە تێبگات (هەرچەند پاروو بە "وو" دەنووسرێت).

ئەم تەرزە نووسیینە لە تێکدانی زمان زیاتر هیچی تر نییە، کە بارگرانیی و ناڕوونییەک درووست دەکەن بۆ نووسین کە لە سرووشتی زمانی کوردیی دوورە، ئەوە لەگەل سرووشتی خوێندنەوەی زمانی عەرەبیی راستە کە ئەو هەموو نیشانەی خوێندنەوەیەیان داناوە لەسەر وشەکان و ئەو لکاندنی "و" بە وشەکانی دوای خۆیانەوە تەواوکەری خوێندنەوەکەیە لە نووسییندا رەچاویانکردووە، بەڵام سەیری زمانی ئینگلیزیی بکە هیچ وشەیەکی یارییدەدەر نالکێنرێت بە وشەکانەوە
(and , with, by, at , on, in, under, above, etc)
زایەڵەی داهاتوو باس لە هەندێ ئامرازی پێوەندیی دەکەین کە بە ناهەق لکێنراون و، ئامڕازەکان کەسێتیی خۆیان ونکردووە بەدەست ئەمجۆرە بۆچوونە هەڵەیەوە!

ئەو کەتنەی بەسەر رێنووسی کوردیی دا هێنراوە،نەک هەر "و "دەلکێنن بە وشەی پێش یان پاش خۆیەوە، بەڵکو هەموو ئامڕازە یارییدەدەرەکانی تریش دەلکێنن بە وشەکانەوە، کە لە هیچ زمانێکی تردا ئەمە نییە!! وەک (بە، بەو، لە، کە، هتد)
نموونە بۆ ئەم هەڵە لکاندنانە: بەشێوەیەک، لەیەکتر، لەدوور، لەبەرزیی، بەوناوە، بەگەنجیی، بەپەلە، بەبا، بەوجارە، بەوناوەختە، بەناوی، بەیەکسانیی، بەخەیاڵی، بەوپێیە، بەومانایەی، کەزانیم، کەوەستام، لەناکەس، کەبەم

بەڵام کورد هەندێک لەم ئامرازانەی لکاندووە بە وشەوە، ئاوەڵناو بێت یان ئاوەڵفرمان و وشەیەکی لێکدراوی لێ پێکهێناوە هەتا ببێت بە زاراوەیەک، یان وشەیەکی سەربەخۆ لە مانادا .بەڵام وشەی لێکدراوم نەبیستووە "کە" درووستیکردبێت، بە گوێرەی "بەو" تەنها "بەوپەڕیی" و"بەوناوەدا- بۆ شوێن"م بیستووە، بەڵام بڵێیت "بەو ناوەوە ئەو ناناسم" دەبێت "بە" بە جیا لە "ناوەوە" بنووسرێت چونکە "ناو" مانای تەواوی خۆی دەگەیەنێت بە بێ "بەو!"

وەک: بەڕێز، بەسەر، لەسەر، لەوساوە، لەناکاو، لەکۆڵبوونەوە، لەناو، کەوابوو، کەچیی، کەواتە، لەبەرئەوە، لێرە (لە ئێرە)، لەوێ (لە ئەوێ)، بەجارێ (بە مانای هەمووی)، بەکۆ (فرۆشتن بەتاک و بەکۆ)، بەخێرایی، بەپەلە، لەناکاو، هتد

بەڵام لە باری تردا کە وەک یاریدەدری تەواوکردنی رستە و مانا بەکاربهێنرێت، وەک پێکەوەبەستنی دوو کورتە رستە، دەبێت بە جیا لە وشەکەی دوای خۆی بنووسرێت. ئەوەی پێی دەوترێت خاڵبەندیی، ئەم کێشانەی چارەسەر دەکەن و هەناسەسواریی ئاخاوتن یان خوێندنەوە ناهێڵن.

وەک: بڵێین بە بەختی خەواڵوو بەسە ئەتوو بی خودا... (بە)

کە رابوردی بە ئەسپایی، لەسەر ئەم گۆڕە پێ دانێ
کە مەهتابێکی تێدایە، مەگەر ئەو خوایە بیزانێ (کە، بە)

بڵێن بەو یارە وەفادارە، کە چاوی لە ڕێمە...، (کە)

لە ناکەس کاریا خاکم بەسەر ڕۆیی بە با عومرم..، (لە، بە)

بە پارێک نامەوێ دەرمان، لە نەشئەی چاوییە عیللەت
بە پوولێک ناکڕم عەنبەر، لەگەڵ زوڵفی ئەوە سەودا (بە، لە، بە)

لە یەکەم ساتەوە زانییم، لە کێ پرسم دڵی بۆ پڕ لە حەسرەتە یاقووت (لە، لە، لە)

لە دەوری دووریا پەستم دەروون پڕ دەرد و زوخاوم..، (لە، و)

ڕۆژی ئەووەڵ بوو کە زانیم من دەبێ دێوانە بم..، (کە)

پەروانە نیم کە عاشقی شـــــەمعی کوژاوە بم،
تا کەی غەم هەڵکێشی وان بم، چاو بە گریە و گریانم (کە، بە "و")

ڕەقیب دەرکە، ئەم بەردەرکە پاکە پیس ئەکا، فەرمووی :
کە بەم بەر قاپییە لازم سەگێکی وایە، بۆ بڕوا! (کە)

----------------

سێیەم

کێشەی گەورەی کورد لە نووسینی دەنگی (ی) دایە لە بەکارهێنانی (ی،یـ ، ییـ ، یی) دایە کە تەنها یەک تەرزی ڕێنووس بەکاردێنن کە یەک (ی) بۆ هەموو دەنگێکی (ی). واتە؛

١.بۆ دەنگی (ی) کورت و دەنگی (یی) درێژ هەمان شت بەکاردێنن.
٢.بۆ (ی) ئیزافە، ئامرازی پێوەندیی و بۆ (ی) ناو یان ئاوڵناو هەر یەک (ی) بەکاردێنن کە هەڵەی مانایی و ستراکچەری وشەکان تێکدەدەن. بۆیە دەبێت بە پێی کورتیی و درێژیی دەنگەکە، یان بە پێی فەنکشنی وشەکە بنووسرێت.

با ئەمانە یەکە یەکە ڕوون بکەینەوە:

١.یەک (یـ) لە سەرەتا و ناوەڕاستی وشەدا:

*یەم – نایەم ( بە زاری سۆرانیی- لە شاری سلێمانی واتە "دێم")

کچ: گوڵ نەبێ بۆ سەرم ئاڵ چەپکێ، زەرد چەپکێ
نایەم بۆ زەماوەن، نایەم بۆ هەڵپەڕکێ!

نازانم ئەمجا دێیت بۆ شایی و هەڵپەڕکێ؟
کچ: نایەم، گوڵ ماویەتی بۆ سەرم سوور چەپکێ!

*یەم وەک دەریا بەکارهاتووە لە ئەدەبیاتی کوردیی دا:
غەم وەکوو یەم هاتە جۆش و کەوتمە گێژاوی بەڵا

ئاوی هائیلزایه کەشتی کەوتمە حاڵی حەلوەلا

*یەک یان یەکەم بۆ نووسیینی ژمارەی "١"، یان یانزە بۆ نووسینی ژمارە "١١"
*یار ، یارۆ، یاوەر، یاریی، یاخیی، یاخوا، یەخچاڵ، یاد، یاقووت، یاسا، یەسنا، یەخسییر، یەخە، یەڵدا، یەکانە، یاقووت، یانە،

یار یار شیریین لەنجەولار
بڵێن بە یار بڵێن بە یار
یاری نازدار سەد هەزار جار خۆزگەم بە پار

چونکە لوتفی حەق یاوەرم نەبوو
بە تەرەقی خۆم باوەڕم نەبوو

*وشە و ناوی زمانەکانی تر کە بەرێنووسی کوردیی دەنووسرێن، وەک :یاسین، یەزیید، یەعقووب، یوسف، یونس،

-نووسینی (یـ ، یـیـ ) لە ناوەڕاستی وشە:
لە سرووشتی زمانی کوردیی، دەنگی (ی) لە ناوەڕاستدا، زۆربەیجار درێژە و کەم حاڵەت هەیە کە کورت بیت:
کورتەکان: ئەو کاتانەن کە بەدوایدا بزوینەکان دێن:
وەک:
دیوار، دیار، بە دوایدا، بە رooیدا، میوان، هەیوان، سەیوان، سەیران، هەینیی، سەیر، قەیرە، تەیناڵ، پەیبەر، جەیران (ئاسک)، حەیران، فەقێ تەیران، ریش، مەیباز

دیارم دەیری عیشقە جێ بەسووتن بێ لەوێ دەگرم
ئەمن مشتێ چڵ و چێوم بە چیی بم کەڵکی کێ دەگرم

سەرت پێ لازمە، مەیبازە مەحوی
دەبێ دولبەر کەهات ئێمە بەسەر چین

-یەک (ی) لە زمانی کوردیی دا، وەک ئامرازی پێوەندیی بەم شێوەی خوارەوەیە:
پیتی (ی) ئامرازی پەیوەندیی، واتە تەواوکردنی مانای وشەکە بە پێدانی خاوەندارێت بۆ ئاوەڵناوێک پێویستی بە (ی) ئیزافە (خستنەسەر) هەیە:
بۆ نموونە: نیشتمانی کورد، دەستەی کورد، گۆڤاری گەلاوێژ، مامۆستای وانەبێژ، ئازادی رۆح، رەوشی سیاسیی، کەڵکەڵەی گەنج، کانی پانکە، کانی سپییکە، قەڵای دمدم، شاخی گوێژە، روباری ئەڵوەن، چەمی تانجەرۆ، دەشتی شارەزوور، پەڵەی هەور، بارانی پاییز
*
ئەی لاوی کورد! کوڕی ئازا:
دانانەوێنێ بۆ قەزا:
بۆ زوڵم و زۆر، ملی ڕەزا !

(لاوی کورد (ی) بۆ خاوەندارێتیی لاو، یان بۆ دیارییکردنی چ لاوێک)
(کوڕی ئازا، (ی) بۆ ئاوەڵناوێک کە چۆن کوڕێک؟ وەڵامەکەی کوڕی ئازا )
*دەوترێت:
ئازادی رۆح (واتە مەبەستت لە کەسێکە کە ناوی ئازادە و وەسفی ئەو لای تۆ رۆحە لە خۆشەیستییدا)

*ئاوەڵناوێک دەدرێتە پاڵ ناوێکی تر و پێکەوە دەکرێن بە ناوی شوێنێک:
کانی پانکە (کانییەکەی پان لەو گوندە هەیە و ناوی گوندەکەی پێنراوە)

(شاخی گوێژە (شاخێکە و داری گوێژی زۆری هەبووە و ناوی شاخەکەی پێ جیاکراوەتەوە لە شاخەکانی تری دەوروبەری
چەمی تانجەرۆ (چەم زۆر هەبووە لەو ناوەدا و ئەو چەمەیان بە ناوی تانجەرۆ ناساندووە کە جیابکرێتەوە لە چەمەکانی تر)

٢.وەک دەنگ: دوو (یی) بۆ هەموو دەنگێک کە درێژبێتەوە ئیتر لە هەر کوێیەکی رستەدا بێت:
بۆ نموونە: چیی، بۆچیی، زەویی، جوانیی، خۆشەویستیی، کوردیی، جیهانیی، تەندرووستیی، ئابووریی، نیشتمانیی، مزگێنیی، برایەتیی، بەرایی، کۆتایی، سیاسیی، پارتایەتیی، حزبایەتیی، دیموکراسێتیی، کوردایەتیی، رەسەنایەتیی، خوێشایەتیی، پارتیی، مەردیی، سپێتیی، برسێتیی، تینووێتیی، دڵداریی، هوشیاریی، رزگاریی، ئازادیی، بەختیاریی، سەروەریی، نەگبەتیی، نەهامەتیی، نەداریی، بێ دڵیی. دڵگەرمیی، پەرۆشیی، گشتگیر، هەوییر، ئاگریین. نەزانیین، برِیین. ئەوویین، پاییز، رێنمایی، برسیی، کەشتیی، پەستیی، هەستیی، وردیی، رازیی، وازیی، شیاویی، نەداریی، وریایی، بێزاریی، قورِەکاریی، کرێکاریی، شۆفێریی، تایبەتیی، ئاسنگەریی، نانەوایی، جۆماڵیی، وەرزێریی، ئەندازیاریی، کشتوکاڵیی، بازرگانیی، مزگەریی، گاوانیی، شوانیی، مناڵیی، گەنجیی، توورِەیی، رووخۆشیی، جەنجاڵیی، شارەزایی، پاتاڵیی، دەستبەتاڵیی، شەرمەزاریی، بوێریی، ئاسوودەیی، راستیی، درووستیی،

لە نووسیینی نەسەب بۆ شوێن و تیرە و نازناو بە دوو (یی) دەنووسرێت:
هەڵەبجەیی، هەولێریی، ئابڵاخیی، ئێرانیی, هەمەوەندیی، گەردیی، شارەزووریی، کوردستانیی، هەولێریی، سابڵاخیی، عەربەتیی، کەرکووکیی، پشدەرایەتیی، هەکاریی، خۆشناوەتیی، شارەزووریی، چەمچەماڵیی، پێنجوێنیی، بەرزنجیی، هەمەوەندیی، هەورامیی، مەردۆخیی، عازەبانیی، زەنگەنەیی، کافرۆشیی، قاجاریی، گەردیی، بزەینیی، مەلایی، جەلالیی، سەلەفیی، زەردەشتیی، کاکەیی، یەزییدیی.

-بەکارهێنانی (یی) بۆ دەنگە درێژەکانی (ی)
پییس، پییر، رییز، پاییز، ئازییز، بارِیین، ناڵیین، خییش، مییز، دییزە، پییزە، ئامیین، دارِیین، پەرژیین، رووگییر، پەرگییر، جێگییر، کەوگییر،زیین، ناویین، بەرِیین، ئاویین، دارِیین، کییژ، سیی، دییو، زییو، پییو، نییو، کوڵییو، ترِییو، قییژە، قییرِە، قرییوە، قاییم، قاییل، قاییش، تاییــن، شییو، شییر، گەنییو، پەرِییو، تەنییو، جەرِییو، زاییــن، زەرِیین، پژمیین،
هەرچیی ئەو ناوانەی کە بە دوو (یی) کۆتاییان دێت، کاتێک دەناسێنرێن، پیتی (ە) ی دەچێتەسەر و هەر بە دوو (یی) دەمێننەوە، یان ئەگەر ئاوەڵفرمانی لێ درووستبکرێت هەر بە دوو (یی) دەمێننەوە:
وەک: نییە، چییە، دیارییەکە، زەوییەکە، پیاوە شارەزوورییەکە، زەوییە کشتوکاڵییەکە، بە رووخۆشییەوە، لەو جەنجاڵییەدا چیی بکەم، بە بوێرییەوە بچۆ بە دەمیەوە، بە وریاییەوە وەرە و بچۆ، ئەرێ ئەم قورِەکارییە نەبرِایەوە، ماڵمان لە گەرِەکی رزگارییە، حەزم لە ئازادییە، ئەمە بۆ خۆی نەگبەتییە.

چوارەم: گیروگرفتی پیتی (ڕ)ی گران، واتە (ڕ)ی نیشانەدار. ئەم پیتە لە سەرەتای وشە بە (ر) دەنووسرێت و لە ناوەڕاست و کۆتایی بە (ڕ) دەنووسرێت:

**وەک:** رزگار، رۆژگار، راو، رێبوار، راژە، رابوون، رەوت، رییز، رەوش، رێنمایی،

برِیار، گورِ، درِاو

گرِ، جەرگبرِ، قرِەقرِ

چوارەم: گیروگرفتی پیتی (ڕ)ی گران، واتە (ڕ)ی نیشانەدار. لەم دواییانەدا ئەم دەنگە لە سەرەتاشدا نیشانەی حەوتەکەی خراوەتەسەر بەبێ ئەوەی پێویست بێت، چونکە ئەم نیشانەیە خۆی بۆ جیاکردنەوەی دوو خوێندنەوەی دەنگەکەیە بە ئاسانیی یان بە گرانیی. بۆیە، لە سرووشتی ئاخاوتنی ئەم دەنگەدا لە زمانی کوردیی دا، لە سەرەتای هەر وشەیەکدا خۆی بە گران (قەڵەو) دەخوێنرێتەوە، ئیتر هیچ پێویست بە هەبوونی ئەو نیشانەیە ناکات کە وشەکەی ناشریین کردووە. هەندێک پاساوی ئەوەیانە ئەوە دوو دەنگە (فۆنیمە) و پێویستە وێنەکەیان وەک خۆیان بنووسرێت، نەخێر دوو دەنگ نییە بەڵکو دووبارەبوونەوەی ئەو دەنگەیە لەسەر یەکتریی و بە قەڵەو دەخوێندرێتەوە. پاساوێکی تریشم بیستووە کە منداڵ لە سەرەتای فێربوونی نووسیندا پێویستی بەو نیشانەیە هەیە بۆ ئەوەی بیخوێنێتەوە، ئەمەش هەڵەیەکی مەنهەجییە کە منداڵ بەرە بەرە

فێری ئاخاوتنی دەنگی وشەکان دەبێت لە گوێگرتنەوە لە زاری گەورەکانەوە نەک لە کتێب یان لە نووسینەوە!

بۆیە، ئەم پیتە لە سەرەتای وشە بە (ر) دەنووسرێت چونکە دەنگەکەی بە قەلەو دەخوێندرێتەوە و لە ناوەڕاست و کۆتایی بە (ر) یان (ڕ) دەنووسرێت بە پێی وشەکە:
وەک لە سەرەتادا بە (ر): رزگار، راز، رۆژگار، راو، رێبوار، راژە، رابوون، رەوت، رییز، رەوش، رێنمایی، رەگ، ریشە، ران، رێویی، رەوشت، رەوش، رێگا، رۆژ، رشێنە، رەش، رەوت،راخەر، رست، راست، رێنوێن، رەنوو، رەشەبا، راپەڕین، رادەست، رەهێڵ، روو، رێناس، رەچەلەک، راچەڵەکین، رمبازیی، راژان، رەوشەن، رۆشن، رێنوار، رێبەندان، رێزان، رانان، رەز، رشک، رەشکە، رەژوو، روبەهەنار،

لە ناوەڕاست و لە کۆتاییدا بە (ر) وەک: بریا، فریشتە، کرۆشتن، مریشک، گوریس، کردن، مەرگ، گرمە،سەرە،تەرە، سەر، ورگ، گورگ، دار، دوور، بەران، بەر، سەیران، سەیر، کەر، تەرییو، خار، تێر، بێر، خێر، نێر، پێرێ، پییر، بییر، مییر، ژێر، زەنوێر، مر، گر، گییر، فۆرم، جۆر، خۆر، کورد، شۆرد، سوێر، کوێر، ورد، وردەواڵە، دەوریی، سروود، سەروو، خواروو، باکوور، باشوور، بەرکاو، سەرکاو، دراو، دروێنە، تەور، بەور، قەبر، قەور، هۆرە، مۆر، لوورە، زرنگ، درەنگ، برینگ، باران، جاران، جار، بەران، پەردوو، هەنار، کوورە، نالەبار، لەبار، دوورین، دووراو

کوورەی جەهەنەم هاتە جۆش و ئاو
زوو حازرکرا بۆ مەلای بەدناو
شێخ محمدی حیلمیی

لە ناوەڕاست و لە کۆتاییدا بە (ڕ): بڕیار، گوڕ، دڕاو، شۆڕش، داڕمان، گۆڕەوشار، ڕڕمە، تڕ، کڕ، قڕ، مڕ، دڕ، زڕ، گڕ،پەڕ، فیڕنەگولە، بڕبڕە، بۆڕە، قۆڕە، تووڕە، قاڕە، باڕە، جەڕییو، دڕ، جەرگبڕ، قڕەقڕ، کەڕ، تەڕ، مەڕ، لەڕ، هۆڕ، گەوڕ، پڕ، وەڕیین، سەگوەڕ، پێڕ، تێڕ، تێڕە، هووڕە، زڕە، زڕ، گوڕ، هاڕە، گاڕان، خستنەڕوو، بەڕوو، کەڕوو،شەڕ، کووڕ، شۆڕ، دێڕ، گێڕ

ئەو وەختە زانام بەختەکەم شەڕ بی
عێلەکەم هامسای عێل سەگوەڕ بی
(شەڕ،سەگوەڕ) مەولەوی

لەبار و قیت و قۆزە خاوەنی زێڕ
ئەگەر کووڕە و وەگەر گۆجە و شەل و گێڕ

بەژن باریک و شووش و شۆڕەلاوە
ئەگەر پیرێکی خوێنتاڵە و ورگ تێڕ

پێنجەم: وشەی ئاوێتە چ ناو بێت یان زاراوە، دەبێت بەسەریەکەوە وەکو یەک وشە بنووسرێن. وەک:

ناو: چەمچەماڵ، بێکەس، دڵشاد، بێخاڵ، ناڵپارێز، کانیکەوە.

زاراوە: رێنووس، رێپێوان. دەستبەجێ. جێبەجێ. نیشتمانپەروەر. دەستنووس. راستەوخۆ. یەکشەوە (مانگی یەکشەوە).

شەشەم: وشەی جگە کوردیی، کە لە نووسینی کوردیی دا دێت، بە رێنووسی کوردیی دەنووسرێت.

**وەک:**عێراق: قەڵەم، ئیحسان، رۆبسۆن، شانزلیزێ، عوسبەتول ئومەم.

حەوتەم: جێناوی نیشانەی وەک: ئەم.

ئەگەر ئاوەڵکاری (کات- یان- شوێن)بە دوای (ئەم) دا هات، بەیەکەوە دەلکێنرێن و دەبن بە یەک وشەی سەربەخۆ.

**وەک؛** ئەمشەو، ئەمڕۆ، ئەمساڵ، ئەمجارە, ئەمبەر و ئەوبەر، ئەمێ.

هەشتەم: نیشانەکانی نەناسراوی وەک (..یەک.. ێک.. هک) بەم شێوەیەی خوارەوە دەچنە سەر وشەکانی پێش خۆیان:

**١-** ئەگەر وشەکان بە پیتە بزوێنەکانی (ا، ی، ە، ێ) تەواو بووبن، ئەوا نیشانەی (..یەک)یان دەخرێتەپاڵ وەک: چیا: چیایەک.

زەویی: زەوییەک.

دێ: دێیەک.

**٢-** ئەگەر وشەکان بە پیتە بزوێنی (وو)، یان هەر پیتێکی دەنگدار (نەبزوێن: کۆنسۆنانت) تەواوبوون، ئەوا نیشانەی (یەک) دەچێتە سەر. وەک:

خانوو: خانوویەک.

گوند: گوندێک

ژن: ژنێک:

٣.(..ەک) وەک بەرزەک، زۆڵەک، دەڵەک،

نۆیەم:  پاشگری (دا):

ئەگەر بەدوای فرماندا هات ئەوا پیوەیدەلکێت و، ئەگەر بە تەنها دوای ناودا هات ئەوا بە جیا دەنووسرێت، ئەگەر لەگەڵ پیتی تردا هات ئەوا پێکەوەدەلکێن: لە دڵیدا جێینابێتەوە،  هەتا هەتایە لە دڵمدایە.

فرمان: ئەوی فریوودا، نازی زۆر پێدا،

دەیەم: گیروگرفتی پێشگرەکانی (هەڵ، دا، را، وەر، دەر).

**١-** ئەم پێشگرانە کاتێک دەچنە سەر چاوگ، یان فرمان یان حاڵەتێکی تر پێیانەوەدەلکێن. وەک:

هەڵ: هەڵکردن، هەڵگرتن، هەڵکورمان، هەڵکێشان.

دا: دابڕان، داخستن، داڕمان، داکردن.

را: راگرتن، راکێشان، راپەڕین.

وەر: وەرگرتن، وەرسوڕان.

وەر: وەرگرە, وەرسوڕێنە.

دەر: دەربێنە, دەرخە.

هەڵکشاو، هەڵنەکشا. دانراو. راپەڕیو. رانەپەڕیو. وەرگرتوو. وەرگرتە. دەرخراو. دەرکراو.

**یانزەیەم:** ئەگەر وشەی دووەم لە دۆخی فرماندا بوو، بە جیا دەنووسرێن:

رێکدەکەوین. پێکیان هێنابنەوە، پێک نەهاتین، یەکیان نەگرتووە, دەستمان نەکەوت.

**بەڵام** ئەگەر وشەی دووەم لە دۆخی چاوگ یان حاڵەتی تردا بوو، ئەوا هەردوو وشەکە بە یەکەوە دەلکێنرێن.

وەک: رێککەوتن، پێکهاتن، یەکگرتن، دەسخستن، یەکگرتوو، دەستکەوتوو، پێکهاتە.

**دوانزەیەم:** دانانی فاریزە (،) لە دوای وشەکانی (کە، بەڵام، لەبەرئەوەی، چونکە، یان).

**سیانزەیەم:** دانانی یەك بۆشایی (سپەیس) لە دوای فاریزە (،) و خاڵ (.)